کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-6-2007 19:03

## لەسەر دیواری هەندێک لە خانووەکانی شاری کەرکوک وانوسرابوو (ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە) ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com

لە گەشتێکمدا بۆ شاری کەرکوك ڕێم کەوتە چەند گەڕەکێکی کوردنشینی ئەو شارە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کە بە دیقەتەوە تاماشای ئەو دیمەنانە بکەم لەو گەڕەکانەدا ئەو نوسراوانە بوو کە بەبۆیاخ لە سەر دەرگا و دیواری هەندێك لە خانوەکانی ئەو کۆڵان و گەڕەکانە نوسرابوو کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لێی نوسرابوو (ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە) (الدار للبیع) .

دوای ئۆپراسیۆنی ئازادی ئێراق کوردە کەرکوکیەکان ئەوانەی پەڕاگەندە و ئاوارە و دەربەدەری شارەکانی کوردستان و باشوری ئێراق بوون بەدڵێکی پڕ لە هیواو شەوق و زەوقەوە ڕوویان لە مەئوا و زێدی خۆیان کردەوە، هەندێکیان هەر لە دەستپێکەوە چوونە سەر گۆڕستانەکان و (فاتیحایان) بۆ ڕۆحی مردووەکانیان نارد و موژدەی هاتنەوەی خۆیانیان پێڕاگەیاندن و تێر تێر بۆنی شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی شاریان کرد بەتایبەت ئەو جێگانەی کە یادەوەریەکی زۆریان لە بیرەوەریەکانیاندا دابڕ کردبوو کە هیچ هێزێك نەیتوانی ئەو یادگاریانە بسڕێتەوە، دواتر ئاوڕیان لە شوێن و زێدی لە دایك بوونی خۆیان دایەوە، ئەوەندە ڕژێمی داگیرکەر ئەو شوێنانەی شێواند بوو بە ئاستەم دەیاناسیەوە بۆیە ناچار بوون لەو زەوی و شوێنانەی کە بوار هەبوو دەست بە دروستکردنی خانوو بەرە بکەن جێگایەك چی بکەن بۆ گوزەران و حەوانەوەی خێزان و منداڵەکانیان تاکو بگەڕینەوە شوێن و جێگا و ڕێگای خۆیان، لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا چەند گەڕەگێك لە شاری کەرکوك بەو شێوەیە بەخەرج و بازووی خۆیان بە دڵخۆشی و زەوقەوە ئاوەدان کرانەوە، لەو گەڕەکانەدا کە تازە دروست کرابوون هیچ خزمەتگوزرای تێدا نەبوو هەندێك خزمەتگوزاری سەرەتایی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە شوێنانە کرا بەڵام لە ئاست داوا و بە گوێرەی پێویست نەبوو چونکە وێرای ئەوەی کە ئەو گەڕەکانە پێویستیان بە خزمەتگوزاری فرە هەیە خەڵکەکەی نەهامەتی و مەینەتی و ئاوارەی و ماڵوێرانی زۆریان چێشتووە پێویستە زۆر تر خزمەت بکرێن.

ئەو کەرکوکیانەی کاتێك ئەو خانوانەیان دروست کرد بۆ ئەوە نەبوو کە هێشتا ماندوو بوونیان دەرنەچووە و تێدا نەحەساونەتەوە هەڕاجی بکەن بۆ فرۆشتن و لە بەر چاویان بیزێت بەڵکو ویستیان بۆ هەتا هەتایە تێدا بژین و مەینەتیەکانیان لەوێدا لەبیر بچێتەوە، دەشێت فاکتەر و هۆکاری فرۆشتنی ئەو خانوانە بۆ ئەم خاڵانە بێت کە بەدیدی خۆم وای بۆ دەچم:

* - نەبوونی هاوکاری و کۆمەك کردن چونکە هەندێك لەو ماڵباتانە کەم دەرامەتن و توانای ئەوەیان نییە خانووەکەیان تەواو بکەن لە کاتێکدا کە بەشێکی ئەو خانوانە بە قەرز تەواویان کردووە و ئێستا خاوەن قەرز داوای پارەکەی دەکاتەوە.

* - نیگەرانی و دڵە ڕاوکێیان بەرامبەر بە جی بەجی کردنی مادەی سەد (140) لە دەستوری هەمیشەی ئێراقی فیدراڵدا کە تاکو ئێستا بە شێوەی کردەنی و پراکتیکی تاقە هەنگاوێك نەنراوە بۆ جێبەجی کردنی ئەو مادە دەستوریە تاکو خەڵکی متمانەی بەوە هەبێت لە بەغدا پاشگەز نانبنەوە لە جی بە جی کردنی.

* - شپرێوی و نائارامی و ناسەقامگیری دۆخەکە لە ڕووی ئەمن و ئاسایشەوە کە پەیتا پەیتا ڕۆژانە گوێبیستی ئەو هەواڵانە دەبین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە تەقینەوەکان زیاد دەکەن و تەرمە نەناسراوەکان دەدەۆزرێنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

* - نەبوونی خزمەتگوزاری لە ئاست پێویستدا کە تاکو ئێستا بەشێك لە منداڵانی ئەو شارە لەو گەڕەکە تازە دروستکراوانە لە ژێر خێمە و چادردا دەخوێنن وێڕای ئەوەی بە دەست نەبوونی ئاو و کارەبا و... هتد دەناڵێنن.

* - نەبوونی کار و کەسابەت بۆ ئەوەی بتوانن قوتی ڕۆژانە پەیدا بکەن و بە شێکیان دەست بەتاڵن و خەرجی ڕۆژانەو بازاڕیش بەو گرانییە.

هەقە هەموو لایەك بە سەرۆکی کۆماری ئێراق و سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی و بگرە دەوڵەمەندەکان و خێر خوازانی نەتەوەکەمان هەوڵ و تەقەلاکانیان بخەنە کار بۆ ئەوەی هەندێك لە مەینەتیەکانی خەڵکی ئەو شارە کەم بکەنەوە و تاکو ژیانیان لی نەبێتە دۆزەخ لەناو ماڵەکانیاندا و بانگەشەی فرۆشتنی بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.